گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue s5 2024
ID No. 2980 (PP 118-133)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.s5.9

توێژینەوە

# ڕەنگدانەوەی سروشت لە شیعری (صافی هیرانی) دا

**شەیدا باسم عبدالله/** بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە ، زانکۆی کۆیە-کۆیە،هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

**دەریا جمال حوێز/** بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە ، زانکۆی کۆیە-کۆیە،هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

## پوختە

سروشت و دیاردەکانی گەردوون بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بووەتە جێگای تێرامان و وردبوونەوە، هەمیشە مرۆڤ هەوڵیداوە لە نهێنیەکانی سروشت بگات. ئەم سەرساميیەی مرۆڤ لە بارەی سروشت وایکردووە لە گشت بوارەکانی ژیانیدا ڕەنگبداتەوە، بە شێوەیەکی تایبەت لە بواری هونەر و ئەدەب. لە بواری شیعردا، سروشت پەیوەستە بە وەسفکردن و وێنەکێشانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی سروشت و ژیان و گواستنەوەی هەستی مرۆڤ. هەروەك دیارە جیهانبینی شاعیرێك لەگەڵ شاعیرێکی تر جیاوازە بە پێی ژینگە و سروشتی دەوروبەری و شێوازی بیرکردنەوەی ... تاد. بۆیە سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی کەرەستەکانی سروشت و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانیان بەیەك جۆر و شێواز نییە، وەسفکردن و باسکردنی سروشت بە پێی هەست و سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەو سروشتە دەگۆڕێت .ئەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بە میتۆدی وەسفی شیکاری خراوەتەڕوو. هەوڵدراوە بە سوود وەرگرتن لەم میتۆدە شێوازی بەکارهێنانی سروشت لای صافی هیرانی بخەینەڕوو، کە چۆن هاوشێوەی شاعیران لە کاریگەری سروشت بە دوور نەبووە، بەڵام ئەم کاریگەرییەی بە شێوەی سەربەخۆ و ڕووت بەکارنەهێناوە، بەڵکو زیاتر بەهای سروشت و جوانیەکانی کەرەستەکانی سروشت بەستۆتەوە بە خۆشەویستی یار و جیهانبینی سۆفیزم. بەم پێوەرە مامەڵە لەگەڵ سروشتدا کردووە. هەروەها سروشت بە هەموو کەرەستەکانی وەك ( گیاندار و بێ گیان و ڕووەك) لە نێو شیعرەکانی سافی هیرانی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانەوە جیاوازیان هەیە.

CORRESPONDENCE
شەیدا باسم عبدالله
Shaida.basim@koyauniversity.org

پەسندکردن 2024/10/13
بڵاوکردنەوە 2024/10/15

وشە سەرەکییەکان:
شیعر ،
سروشتی بێ گیان ،
سروشتی گیاندار،
ڕووەك،
صافی هیرانی.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەكی

بێگومان سروشت یەكێكە لەو دیاردانەی كە بووەتە جێگای سەرسوڕمان و تێرامان و وردبوونەوە لێی. هەموو مرۆڤێك لە ژیانیدا بۆ بەردەوامی ژیانی، یاخود ئاسوودەیی دەروونی سوودی لە سروشت وەرگرتووە. دڵ و دەروونی هەموو كەسێكی خۆشكردووە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو سروشتە جوان و ڕەنگین بوو. ئینجا ئەگەر ئەو كەسە ئەگەر شاعیر بوو، ئەوا لە ڕێگەیەوە جوانترین بەرهەم و نووسینیان خستۆتەڕوو. بە هۆیەوە هەست و سۆزی خۆیان بەرامبەر بە سروشتی جوانی دەوروبەریان دەربڕیووە.

## هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە:

دیارە جیهانبینی شاعیرێك لەگەڵ شاعیرێكی تردا جیاوازە، بە پێی ژینگە و سروشتی دەوروبەری و شێوازی بیركردنەوەی ... تاد. هەر بۆیە هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ شێوازی بەكارهێنانی سروشت و ڕەنگدانەوەی سروشت لای شاعیر دەگەڕێتەوە كە بە قەڵەمێكی جیاواز توانیوویەتی سروشت لە شیعرەكانی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەكاربهێنێت. لە هەمانكاتدا بە شێوەیەكی سەربەخۆ توێژینەوە لە بابەتی سروشت لای صافی هیرانی نەنووسراوە. ئەو توێژینەوانەی لە بارەی شاعیر نووسراون لە چوارچێوەی (ژیان و بەرهەم و ئەزموونی شیعری صافی هیرانی)، (ڕەهەندی مۆسیقی لە شیعرە كوردییەكانی صافی) دا، لەلایەن (عثمان عبدالله فرج)، (میتافۆری چەمكیی عەشق وەك گەشت و ڕێگا لە شیعرەكانی صافی) دا، لە لایەن( سیروان جەبار و ڕێناس خالص)، ( بین قصیدة القلب للشاعر الكردي صافي الهيراني و قصيدة الناى جلال الدين رومى/ دراسة مقارنة)، لە لایەن ( طاهر مصطفى علي).

## پرسیاری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

1. بەكارهێنانی كەرەستەكانی سروشت لای صافی هیرانی.
2. شێوازی بەكارهێنانی سروشت لای صافی هیرانی.
3. مەبەست لە بەكارهێنانی سروشت لای صافی هیرانی.

وەڵامی ئەم پرسیارانە لە چوارچێوەی شیكردنەوەی كۆپلە شیعرەكان هەوڵدراوە بخەینەڕوو.

## ناوەڕۆكی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە دووبەش پێكهاتووە:

بەشی یەكەم ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت، لەوانە ( چەمك و پێناسەی سروشت، بۆچوون و تێڕوانینی فەیلەسوفەكانی یۆنانی بەتایبەت (ئەفلاتون و ئەرستۆ)، ڕەنگدانەوەی سروشت لە ڕێبازی كلاسیزم)، بەشی دووەم ئەم بابەتانە لە خۆدەگرێت، لەوانە ( ڕەنگدانەوەی سروشت لای صافی هیرانی، جۆرەكانی سروشت لە شیعری صافی وەك ( سروشتی بێگیان، سروشتی گیاندار، ڕووەك) لە كۆتاییدا بە چەند خاڵێك گرنگترین ئەنجامەكان خراوەتەڕوو، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی كە لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە سوودی لێوەرگیراوە.

## یەكەم

### 1.چەمكی سروشت:

سروشت تابلۆیەكی جوانە ((مەبەست لە سروشت هەموو شتێكی دەوروپشتمان كە هەستی پێیدەكەین و دەیبینین جگە لە مرۆڤ)). (مەحمود،2007 :15) سروشت دیاری خودایە بۆ مرۆڤ بە هەموو جۆرەكانی وەك: ئاو و هەوا، باڵندە و ئاژەڵ و ڕووبار و دەریا و چیا و دەشتایی و ڕووەك...تاد. هەروەها یەكێكە لە نهێنییەكانی خودا كە لە سەر زەوی دایناوە و بەكاریهێناوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەو شێوەیە بژێت و چێژی لێوەربگرێت. وەك پێداویستییەكانی ژیانی خۆی بۆ بەردەوامی لە ژیانیدا بەكاربهێنێت. سروشت ((مۆزەخانەیەكی كراوەی ئازادە كە سنوورێكی نییە. بە كلیلێك داخراو نییە، كۆتایی نایەت تاوەكو ویستی خودای لە سەر نەبێت. یەكێكە لەو سەرچاوانەی كە بووەتە جێگەی سەرسوڕمان و تێرامانی مرۆڤ)). (البورينى، 2018) سروشت و دیاردەكانی گەردوون بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بووەتە جێگای تێرامان و وردبوونەوە.

هەمیشە مرۆڤ هەوڵیداوە لە نهێنیەكانی سروشت بگات و بۆ ڕوون ببێتەوە. هەربۆیە لەگەڵ دروست بوونی مرۆڤ و ژیانكردن لە سەر زەوی یەكێك لە ئەركە سەرەكییەكانی مرۆڤ بریتی بووە لە گەڕان و پشكنین بە نێو جیهانە شاراوە و نادیارەكەی سروشت و هەوڵیداوە بۆ تێگەیشتن لێی. ئەم سەرسامییەی لە بارەی سروشت وایكردووە لە گشت بوارەكانی ژیانی مرۆڤدا ڕەنگبداتەوە. (محمود،2022: 29) لەوانە لە بواری هونەر و ئەدەبیاتدا بە شێوەیەكی تایبەت سوود لە دیاردەكانی سروشت وەرگیراوە، هەربۆیە

دەتوانرێت لە بواری ڕەنگدانەوەی لە شیعردا، سروشت بەوە پێناسە بکرێت کە ((پەیوەستە بە وەسفکردن و وێنەکێشانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی سروشت و ژیان و گواستنەوەی هەستی مرۆڤ)). (سلیمان، 2021) واتە مرۆڤ لە ڕێگەی هونەری وێنەکێشان و بواری ئەدەبیدا بە گشتی و شیعر بە تایبەتی هەوڵیداوە وێنە جۆراو جۆرەکانی سروشت بە گشت دیاردە و پێکهاتەکانی سروشت بگوازێتەوە بۆ نێو بواری ئەدەب. بە کەرەستەی زمانی پێکهاتەکانی سروشت بنەخشێنێت.

**2. بۆچوون و تێڕوانینی یۆنانییەکان لە بارەی سروشت:**

سروشت خاوەن پێکهاتە و بوونی تایبەت بە خۆیەتی. تەنانەت بە پێی جۆری کەرەستەکانی سروشت جۆری تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی دەگۆڕێت، هەربۆیە ئەگەر سەیر بکەین لە بواری فەلسەفە و ئەدەبیاتدا بووەتە جێگەی تێرامان و وردبوونەوە. هەربۆیە بەشێکی زۆری لە فەیلەسوفەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بە تایبەت فەیلەسووفانی یۆنان لەوانە (ئەفلاتون و ئەرستۆ).

ئەفلاتون وەك فەیلەسوفێکی یۆنانی بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی لە گشت بابەتە هەمە جۆرەکان خستۆتە ڕوو. بووەتە جێگای تێرامان، هەربۆیە سەرنج و تێڕوانینی لە بارەی سروشتەوەش بەهەمان شێوە بووەتە جێگەی بایەخ. هەروەك دیارە ئەفلاتون بۆ زۆربەی بابەتەکان لە چوارچێوەی بیروبۆچوونی ئایدیالی لە بابەتەکان وردبۆتەوە. هەربۆیە بۆ بابەتی سروشتیش بەهەمان تێڕوانین هەوڵیداوە شیکاری بۆ بکات. بەلای ئەفلاتون ((جوانی سروشت بەخشندەییەکی خواوەندییە، چونکە لە بیری ئایدیالیدا خودا دروستکەری مرۆڤ و سروشتە، بۆیە بەلای ئەفلاتون ئەگەر شاعیر لاسایی جوانی سروشت بکات، یا ئەوەی لە سروشتدا هەیە کارێکی ئاساییە نابێتە مایەی کارتێکردنی خراپ بە سەر مرۆڤەوە، بەڵکو زیاتر سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێ بۆ جوانی سروشت و توانای خودا لە دروستکردنی ئەو جۆرە سروشتە جوانە)). ( جاف، 2008: 4) هەروەها ئەفلاتون پێیوایە سێ جۆر جیهان هەیە: یەکەمیان جیهانی نموونەیی و دووەمیان جیهانی هەستپێکراو و سێیەمیان جیهانی سێبەر. لێرەدا سروشت و پێکهاتەکانی دەکەونە بەر جیهانی هەستپێکراوە و بەرهەمی ئەدەبی وەك شیعر و تاد. و بەرهەمی هونەری دەکەونە بەر جیهانی سێبەر کەوا شاعیر یا هونەرمەند وێنەیەکی نێو جیهانی هەسپێکراومان بۆ دەکێشێ.

بەلای ئەفڵاتوونەوە تەنیا وێنەی نێو جیهانی نموونەییەکان ڕەسەن و وێنەی نێو بەرهەمی ئەدەبی و هونەری سێ هەنگا و لە ڕاستی بەهای وێنەکە دوور دەکەوێتەوە، چونکە هونەرمەند دێت وێنەیەکی جیهانی هەستپێکراو دەگوازێتەوە کە لە ڕاستیدا جیهانی هەستپێکراو خۆی لە خۆیدا لاسایی جیهانی نموونەییە. بۆنموونە ((گوڵ کە دەپشکوێ لە سەرەتادا جوانی زیاد دەکا، بەڵام لە ماوەی ئەم گۆڕانەدا ئەم جوانییە وردە وردە کەم دەبێتەوە تا لەناو دەچێت کەواتە ئەو جوانییە کاتییە... دێ و تێدەپەڕێ. لەبەرئەوە جوانییەکەی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو لە جیهانی بیردایە، جیهانی ئایدیاڵ)). (میراودەلی، 1979: 31) ئەفلاتون لە ڕێگەیەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە سروشتی شتە ڕاستەقینەکان ماددی نییە، بەڵام لە جیهانێکی دیکەدا جیهانێکی نموونەییە، کە کاریگەری لە سەر بەدیهێنانی نییە، کە تێیدا نموونەی شتێك هەیە و هەمووی ئەوەی لە جیهانی ماددیدا هەیە تەنها ڕەنگدانەوەی ئەوەیە. ئەفلاتون پێیوایە کە ((ئەم ڕاستییە تەنیا بەو کەسانە دەگات کە بە هۆشیاری و تێگەیشتنیان لە شتەکان و جیهان گەیشتوونەتە پلەی فەیلەسووف)). (عبدالغنی،2023) واتە بە تێڕامان و وردبوونەوە تێفکرین لە دیاردەکانی دەوروبەر دەتوانرێت زانایان و فەیلەسوفەکان بگەن بەو ڕاستیانەی کە شاراوە و نادیارن.

ئەرستۆ بیروبۆچوون و تێڕوانییەکانی بووەتە جێگای بایەخ. ئەرستۆ بە پێچەوانەی مامۆستایەکەی بۆچوونی خۆی خستۆتە ڕوو، بە شێوەیەکی گشتی بۆ بابەتی سروشتیش بە هەمان شێوە تێڕوانینی جیاوازی هەیە. لەوانە ئەرستۆ وەك شاگردی ئەفلاتون لە بواری فەلسەفەدا خاوەن بۆچوونێکی ماتریاڵییە و بە لایەوە ((سروشت و پێکهاتەکانی هەبوونی سەربەخۆیی خۆیان هەیە و مرۆڤ لە ڕێی هەستەکانییەوە زیاتر دەرك بە هەبوونیان دەکات لەم بوارەدا زیاتر هەردوو هەستی بینین و بیستن ڕۆڵی کاریگەری خۆیان هەیە، بە تایبەتی هەستی بینین کەوا مرۆڤ بە هۆیەوە دەتوانێت زۆربەی پێکهاتەکانی سروشت ببینێ، بەڵام لە ڕێی هەستی بیستنەوە زیاتر گوێبیستی دەنگی بولبول یا باڵندەکانی دیکەی نێو سروشت، یان گوێبیستی دەنگی هاژەهاژی ئاوی چەم و ڕووبارەکان دەبێت)). (جاف، 2008: 6) بەلای ئەرستۆ جوانی سروشت بەهای تایبەتی خۆی هەیە دەتوانێ بە هۆی جوانی کاریگەری پێکهاتەکانی کاری خۆی لە هزر و داهێنانی نووسەران و شاعیران بکات. سەرنجی مرۆڤی ئاسایی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئەرستۆ ((هونەر بە تەواوکەری سروشت دادەنێت و هەستیارانیش بە هەڵگرانی دروشمی داهێنانی سروشتێکی تازە تەماشا دەکات)). ( بصیر،1993: 85) هەر ئەم تێڕوانینەش وایکرد ئەرستۆ داوا لە شاعیران بکات کە لاسایی سروشت بکەنەوە. لە بەرئەوەی بە لاساییکردنەوەی سروشت دەتوانن لە ڕاستی شتەکان دوورنەکەونەوە. لێرەدا پێویستە بڵێین ئەرستۆ ((کەوتوویەتی هونەری هۆنراوە لاساییکردنەوەی سروشتە،

مەبەستی دووبارەکردنەوەی سروشت نییە، بەڵکو مەبەستی خوڵقاندن و داهێنانی بەرهەمێکی تازەیە، کە دەنگدانەوەی بوونە لە قەوارەی هەست و نەست و سۆز و ئارەزو ئەندێشەی هەستاریاندایە)). (بصير،1993: 80)

بە لای ئەرستۆوە لاساییکردنەوە غەریزەیەکە مرۆڤ لە سەردەمی منداڵییەوە فێری دەبێت و پاشتر گەشەی پێدەکات و لەم بوارەدا شاعیر، یان نووسەر بە شێوەیەکی هونەری جوان هەندێ کار و کردەوە و لایەن لاسایی دەکاتەوە بە مەبەستی بەخشینی جۆرە هێزێك بە دەقەکە بە سەر پەیام وەرگرەکەیدا. لێرەدا پێویستە بڵێین ((ئەگەر لاساییکردنەوەی هونەرمەند بۆ سروشت لە ڕێی ڕەنگەکانی نێو تابلۆکانییەوە بێ، ئەوا لە هۆنراوەدا لاسایکردنەوەی هۆنیار بۆ سروشت لە ڕێی وشەکانەوە دەبێ، یان لە ڕێی ناوهێنانی ڕەنگەکانەوە دەبێ، یا لە ڕێی ئەو وشانەوە دەبێ واتای ڕەمزی ڕەنگەکان دەبەخشێ)). (گەرمیانی،2000: 31) واتە شاعیر لە ڕێی کەرەستە زمانییەکان وێنەی سروشت دەگوازێتەوە، بەڵام لاساییکردنەوەی سروست لە لای شاعیر دەکرێت وەك خۆی بێت، یان باشتر لە خۆی، یان خراپتر لە خۆی وێنای سروشت بکاتەوە. لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەفلاتون هەوڵیداوە ئەوە بخاتە ڕوو، کە پابەندبوون بە سروشت مرۆڤ لە ڕاستی بابەتە ڕاستەقینە دوور دەکەوێتەوە، بەڵام ئەرستۆ پێچەوانەی مامۆستایەکەی پێیوایە کە پشت بەستن بە سروشت، ئەوا سوودی بۆ خودی مرۆڤ دەبێت. لە هەمانکاتدا دەتوانێت لە ڕێگەیەوە بگات بە ڕاستی بابەتەکان و نهێنییە شاراوەکان.

### 3.گرنگی سروشت بە پێی ڕێبازی کلاسیزم

کلاسیزم یەکێکە لەو ڕێبازە ئەدەبیانە، کە بەو ئەدەب و هونەرە بەرزە دەگوترێت کە لە سەدەی هەژدەمدا شایانی شوێن پێ هەڵگرتن و لاساییکردنەوە بوو. واتە ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە، کە پەسەند و ڕەسەن و دانسقەن. خاوەن چەندین دەستوور و یاسا بووە، یەکێك لەوانە بریتییە لە لاساییکردنەوەی سروشت. گرنگی پێدان بە بواری سروشت لە زۆربەی ڕێبازەکان بەرچاو دەکەوێت لەوانە لە ڕێبازەکانی ڕۆمانسیزم، ناتورالیزم، بەڵام لاساییکردنەوەی سروشت لای کلاسیزمەکان نیشانە و خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە و جیاوازی هەیە لە چاو لاساییکردنەوەی سروشت لە ڕێبازەکانی ڕۆمانسیزم و ناتورالیزم. واتە سروشت لای کلاسیزمەکان ((دەبوایە تەنیا شتە باش و ناواخنە ئەخلاقییە بەرزەکانی لێ وەربگیرابایە. سروشتیان بە شێوەیەکی وا لە بەرهەمەکانیان باس دەکرد کە لەگەڵ ڕاستی و واقیع بگونجابایە و خزمەتی عەقڵ و ئەخلاقی باوی کۆمەڵی بکردایە. باسی شتە ورد و پەراوێزەکانی سروشتیان نەدەکرد. واتە هەرگیز سیفاتە ناشیرینەکانی سروشت و خەسڵەتە خراپەکانی سروشتی مرۆڤایەتی وێنە ناکێشێ)). (پیربال،2006: 29)

ئەوەی کە شیعری سروشت جیادەکاتەوە بریتییە لە تێکەڵبوونی شەبەنگی نێوان سروشت و جوانی زمان لە نێوان نووسین و واتا و دەربڕینی ورد لە ڕێگەی وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی ژینگەی شاعیردا. بە واتایەکی تر شیعری سروشت بە واتای وەسفکردنی نیشانەکانی گەردوون دێت، لەوانە درەخت و چیا و ڕووبار و شەو. سەرچاوەی ئیلهام بەخشین بووە بۆ خودی شاعیر، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە مێژووی سەرهەڵدان و ڕەنگدانەوەی ئەم ڕێبازە لە لای شاعیرانی کورد درەنگتر سەریهەڵدا و تەنانەت ئەو بنەما و دەستوورانەی کە پەیڕەویان دەکرد، لە پاڵ خاڵی هاوبەش هەندێك خاڵی جیاوازی تێدا بەدیدەکرێت، ئەمەش بەهۆی کاریگەری لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ژینگە و ئابووری و سیاسی، ئەمانە هەموویان بە یەکەوە وای کرد کە دەستوور و بنەمای تایبەت بە ئەدەبی کوردی هەبێ، تەنانەت هەر شاعیرێك شێوازێکی تایبەت بە خۆی پەیڕەو کردووە. بۆیە یەکێك لەو خاڵە جیاوازانەی کە لە بنەماکانی کلاسیزمی کوردی بەدیدەکرێت، بریتییە لە ڕەنگدانەوەی دیاردەی سروست و بەکارهێنانەوەی لە نێو دەقی شیعریدا. دیارە شاعیران نەیانتوانیوە کاریگەری سروشت لە شیعرەکانیان بشارنەوە و نەیخەنە ڕوو، بەڵکو بێ ویستی خۆیان بێت، یان بە ویستی خۆیان بێت بابەت و کەرەستە سروشتییەکان خۆیان خزاندۆتە ناو دەقە شیعرییەکانیان. لە ڕێگەیەوە هەوڵیانداوە لە خزمەت بابەت نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی و دڵداری وەسفدا بێت. بۆیە ڕەنگدانەوەی سروشت لای شاعیران دەکرێت لە پاڵ خستنەڕووی لایەنە باش و خۆش و جوانەکان، لایەنە خراپەکانی خراوەتە ڕوو. هەندێکجار سروشت بووەتە ئارامگەیەك باوەشێك تێیدا ئاسوودە و بێخەم تێیدا دانیشتوون، واتە ((شاعیران بە دوای ئاشتی و ئاسوودەییدا دەگەڕێن، شاعیر ئەو چینەی ناو کۆمەڵگایە، کە زیاتر پەیوەستن بە سروشتەوە، وەك پەناگەی خۆیان بەکاریانهێناوە)). (أغقالی و منصوری،2020: 14) هەندێکجاریش وەك بیابانێك وابووە نەیانتوانیووە تەنیایی و بێزاری خۆیانی تێدا پڕبکەنەوە. بۆیە ڕەنگدانەوەی سروشت لای هەر شاعیرێك بە شێوازێکی جیاواز دەبینرێت. هەندێك شاعیر هەوڵدەدات شیعری سروشت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا، کە لە ژینگەدا ڕوودەدات، نوێ بکاتەوە، وەسفی سروشت و بەهار و باران دەکەن لەگەڵ بابەتی جۆراوجۆر تێکەڵی دەکەن.

**دووەم**

### 1. ڕەنگدانەوەی سروشت لای صافی هیرانی:

مرۆڤی كورد لە كۆنەوە بە تایبەتی لە وەرزی بەهاردا بە كۆمەڵ ڕوو دەكەنە باوەشی سروشت و لە هەندێ جێگای تایبەت كۆدەبنەوە. بۆ ئەوەی چەند ساتێك بە ئاسوودەیی ببەنە سەر و بڕواننە دیمەنە سەرنج ڕاكێشەكانی سروشت. لێرەدا مرۆڤی كورد خاوەن عەشقێكی تایبەتە بۆ جوانی سروشت، تەنانەت بەهاكەی لە جەژنی نەورۆزدا دیارە. بێگومان ئەم كاریگەرییە جوانییەی سروشت لە چاوی شاعیراندا زیاتر بەرچاو دەكەوێت، چونكە زۆر شت هەیە لە سروشتدا دەبێتە مایەی ئیلهام بەخشین بە شاعیر، وەك مرۆڤێكی خاوەن هەستی ناسك، چونكە سروشت دایكی دووەمە بۆ شاعیر، خاوەن ئامرازێكی گەورەیە بۆ لەبەرگرتنی شاعیر، چ لە كاتی خۆشی، یان ناخۆشیدا. لە ڕاستیدا مرۆڤ بە گشتی و شاعیر بە تایبەتی، ئەگەر لە كاتی ناخۆشیدا ڕووی كردە سروشت، ئەوا خەمەكانی دەڕەوێتەوە و ئاسوودەیی بۆ ناخ دەگەڕێتەوە.

كاتێك باس لە سروشت دەكرێت لای شاعیر، واتە وەسفكردنی هەموو لایەنەكانی گەردوون لە درەخت و چیا و شەو و ڕۆژ و ڕووبار و كانی و سەرچاوە، واتا سروشت تەنیا ڕووبەڕێكی دیاریكراو نییە، بەڵكو پەناگەیەكی ئاسودەیە بۆ تاك، بەڵام هەموو كەسێك ڕێگایەكی هەیە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم دیاردانە، بە تایبەتی شاعیر، هەریەكەیان ڕێگایەكی تایبەتی هەیە بۆ وەسفكردنی سروشت. جا ئەم سروشتە بیابانێكی لماوی و گەرمەسێری سەخت و دژوار و ناخۆش بێ، یان دەشت و شاخ و گرد و چیا و ناوچەیەكی جوان و ڕازاوە و سەرنجڕاكێش و دڵڕفێن بێت. بۆیە كەس نییە جوانی سروشت هەست و سۆزی نەبزواندبێ و لە ناخەوە نەیهەژاندبێ و تاڕادەی ئاوێتەبوون بە خۆیەوە پەیوەستی نەكردبێ، بە تایبەتی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان پەیوەندییەكی زۆر پتەویان لەگەڵ سروشتدا هەیە، لەگەڵ هەموو دەنگێكی ئەم سروشتە دەیان شیعر و بەرهەم و هەستی جوانی پڕ سۆز و ئاواز وێنەی جوانی شیعری دێتە بوون. بۆیە ((زۆربەی هۆنەرانی كورد ئەو سروشتە جوانەی كوردستان كە لە هەر وەرزێكدا بە شێوەیەك خۆی دەنوێنێ و خۆی دەڕازێنێتەوە كاری زۆری تێكردوون، هۆنراوەی جوانیان بۆ هۆنیوەتەوە)). (عەزیز،2007 :16) سروشت دایكی هەموو شتێكی جوانە هەموو جوانییەك لە سروشتەوە هەڵدەقوڵێ و چاو هەڵدەهێنێ، بۆیە لە سەرتاوە بۆتە جێگای سەرنج و تێرامان و بیركردنەوە وروژاندنی هەست و نەستی ئەندێشەی مرۆڤ و شوێنەواری ئەم كاریگەرییە لە لا دەركەوتووە، هەرچەندە ڕادەی ئەم كاریگەرییەش لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر بە پێی بارودۆخ و كات و شوێنەكان دەگۆڕێ، دیارە جوانی سروشت وەك هەر هەموو جوانییەك لە دیدی مرۆڤەكان ڕێژەییە و لە گۆڕاندایە، كە ئەمەش بۆ گەلێك بابەتی تایبەت بە خودی كەسەكان دەگەڕێتەوە، واتە جوانی شتەكانی دەوروبەر، مەرج نییە بە هەمان ڕێژە لە لای مرۆڤەكان وەك یەك بێت. لە لای یەكێك ڕێژەی جوانییەكە لەوانەیە زیاتر بێت، یاخود كەمتر بێت. ئەگەر سەیری بەرهەمی شاعیران بكرێت، ئەم كاریگەرییە جوانتر بە دیار دەكەوێت. ئەم جیاوازییانە سەرچاوەی ئیلهامبەخشن. گرنگی سروشت بۆ شاعیران بووەتە بەشێكی پێویست لە ژیانیان. هەروەها پەناگەیەكە بۆ بڵاوكردنەوەی خەمەكانیان و شوێنێكە بۆ خۆشی و شادییان. سروشت پەناگەیەكی بە پیتیان بۆ شاعیر دۆزیوەتەوە، كە پەنای بۆ بهێنێت لە ڕێگەیەوە خەم و خۆشییەكانی خۆی بەیەكەوە دەرببڕێت.

## 2. جۆرەكانی سروشت لە شیعری صافی هیرانیدا

سروشت یەكێكە لەو بابەتانەی كە لە نێو شیعرەكانی شاعیردا بەرچاودەكەوێت و هاوشێوەی شاعیران لە كاریگەری سروشت بە دوور نەبووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و تێرامانە ئەوەیە، كە صافی ئەم كاریگەرییەی بە شێوەی سەربەخۆ و ڕووت بەكارنەهێناوە، بەڵكو زیاتر بەهای سروشت و جوانییەكانی كەرەستەكانی سروشت دەبەستێتەوە بە ئاستی خۆشەویستی یار و جیهانبینیی سۆفیزم. بەم پێوەرە مامەڵە لەگەڵ سروشتدا دەكات. هۆكاری ئەمەش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە و بارودۆخ و كات و شوێنەی شاعیر تێیدا ژیاوە و جیاوازی هەڵوێست و ڕەوشی دەروونی و فیكری و ئەزموونی شیعری. لێرەدا هەوڵدەدەین بە پێی جۆرەكانی سروشت، شیكارییەك بۆ وەسفی سروشت لە شیعری صافی دا بكەین، هەروەك لە خوارەوە خراوەتە ڕوو:

### 1.2. سروشتی بێگیان:

مەبەست لە سروشتی بێگیان ئەو دیاردە و پێكهاتانەی سروشتە، كە ڕوحیان لە بەر دا نییە و گەشە ناكەن، وەك گیانلەبەر و ڕووەكەكان نین. سەرچاوەی سروشتی بێگیان زۆرن لەوانە (ئاو، خاك، زەوی، ئاسمان، ڕۆژ، شەو، كێو، چیا، دۆڵ ... تاد). ئەمانە هەریەكەیان بە شێوەیەك سروشتیان دەوڵەمەند كردووە و بە جوانییەكانی سەرنجی مرۆڤ بە گشتی و شاعیران بە تایبەتی بە دوای خۆی ڕاكێشاوە. ئەوەی جێگای سەرنجە لە شیعرەكانی صافی دا، ئەم جۆرە سەرچاوەیە بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە. كاریگەری لە سەر شاعیر دەخاتە ڕوو. شاعیر لە ڕێگەی سروشتی بێگیانەوە هەوڵیداوە لایەنی دەروون و ناخ و هەست و سۆزی خۆی تێكەڵ بكات و بیخاتە ڕوو. هەروەك لە خوارەوە بە پێی جۆرەكان ڕوونی دەكەینەوە:

### 1.1.2.شەو و ڕۆژ

شەو و ڕۆژ یەکێکە لەو دیاردە سروشتیانەی، کە مرۆڤ بۆ ئەوەی تێیدا ئاسوودە و ئارام بێت و دوای ماندوو بوونی درێژی ڕۆژ بتوانێت پشوو بە جەستەی بدات. کەسێکی ئاسایی دەکرێت بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەم کەرەستانەی سروشتدا بکات، بەڵام کەسێك نەخۆش بێت، یان شاعیر بێت ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە، بە تایبەت شەو دەبێتە ئەو کاتە سەخت و دژوارەی، کە حەزی پێناکات تێیدا بژی. ((شەو کاتی حەسانەوە و هێمن و خامۆشیە و ئادەمیزاد زیاتر مەودای بیرکردنەوەی هەیە و کێشە و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیان بە ڕوونتر خۆیان دەردەخەن و بیرەوەرییەکان زیاتر خۆیان بە سەر مێشکدا دەسەپێنن و ئارەزووەکان پتر ئازادی دەستگیر دەکەن ... ، جیهانی شەو وەکو بەحرێکی قووڵ و مەنگ وایە، کە سۆزی ئاهەنگی ناڵەی شاعیر هاژەهاژ بە سەریدا دەڕژێ)). (میراودەلی، 27:2013-28) صافی لەم چەند کۆپلەیەدا وشەکانی شەو و ڕۆژی بۆ مەبەستی جیاواز بەکاریهێناوە، هەروەك دەڵێت:

**چاوەکەم چاووم بەدائیم ئینتظاری تۆ دەکا**
**شەو بە یادی عارضت یادی گوڵی شەوبۆ دەکا** (هیرانی،2004: 152)

یان دەڵێت:

**وا دڵی عیشقت ئەوەند دوورە بە ڕۆژ طەی ناکرێ**
**پەیکی دڵ بۆ بێ سکون نابی بە تاو شەو ڕۆ دەکا** (هیرانی،2004: 153)

یان دەڵێت:

**کە ڕۆژی وەصلی ئاوا بوو بە چاو گریان نەکەم چبکەم**
**شەوی هیجرانی وا داهات کە دڵ بریان نەکەم چبکەم** (هیرانی،2004: 170)

یان دەڵێت:

**یاری خۆم لێ زیزە بۆیە حەز لە مەرگی نەو دەکەم**
**شەو کە بێ هۆشم لە تاوی وا مەزانە خەو دەکەم** (هیرانی،2004: 175)

شاعیر لەم چەند دێرە شیعرەدا چەند جارێك وشەی شەوی وەك واتای فەرهەنگی خۆی بەکاری هێناوە. شەو ئاوەڵکارە ئاماژە بۆ کات دەکات. شاعیر وشەی شەوی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ئاماژە بە ناڵە و ناخۆشییەکانی بکات، کە لە یارەکەی دوورە. شەو ئەو کاتەیە، کە شاعیر ناڵە و ئازارەکانی دەگاتە لوتکە و لە دووری یارەکەی، گشت ساتەکانی شەو بە یادی یارەکەی بەسەر دەبات. ئاشکرایە شەو هۆکارێکە بۆ دوورخستنەوەی مرۆڤ لە جەنگڵستانی پڕ کێشە و ئاڵۆزی و هاژەهاژ و ململانێی و بگرە و بەردەی مانەوە و ئاخ و داخی بێزاری و گیروگرفت و ئێش و ئازارەکانی ژیانی ڕۆژ و نزیك بوونەوە و خستنە ئامێزی شەوی ئارام و بێدەنگ و خەوی قوڵی بێ ئاگایی، بەڵام ئەم دیاردە سروشتییە بۆ خودی شاعیر هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، بەڵکو بە ئازارتر و ناخۆشترە. شاعیر ناتوانێت لە تەنیایی و بێکەسی و دووری لە یارەکەی باوەش بە شەو دا بکات و ئازارەکانی کەم بکاتەوە. صافی لە پاڵ وشەی شەودا ڕۆژی بەکارهێناوە، هەروەك دەڵێت:

**ئەگەر شەمعی ویصالی تۆم نەبێ ڕۆژم شەوی تارە**
**بینایی نووری چاوانم ئەتۆی ماهی ضیا دارم** (هیرانی،2004: 169)

شاعیر هێشتا بە دیداری یارەکەی بەختەوەر نەبووە، بێبەشە لە دیدەنی یار و قسە خۆشەکانی خۆشەویستەکەی، هەوڵدەدات گفتوگۆیەك لە نێوان خۆی و بەرامبەری، کە یارە دروست بکات، لێرەدا لایەنی بەرامبەر بێ ئاگایە لە ناڵەی شاعیر. شاعیر لەسەر ئەم هەستە دەکرێت ڕاستەقینە، یاخود وەهم بێت، بەردەوام دەبێت هێز و ئومێدی لە بۆشاییەکەوە وەربگرێت کە هیچ بنەمایەکی نییە. جیهانێکی پڕ جۆش و خرۆش دروست دەکات لە بوونی یار، وەك ئەوەیە خاوەن هەموو شتێك بێت لەم جیهانەدا. یان دەڵێت:

**شەو بە بێ شەمعی روخت پر زوڵمە تەخانەی دڵم**
**ڕۆژ بە بێ ڕۆژی جەمالی تۆ سیاە و تاری یە** (هیرانی،2004: 226)

شاعیر لە نێو دەروونیدا هەست بە بۆشاییەكی گەورە دەگات كە ئەم بۆشاییە بە دیدەنی یار پڕ دەبێتەوە، ئاە و ناڵەی شاعیر زیاتر لە شەودایە، ئەمەش دەكرێت بۆ كاریگەر بوون بە بابەتی سۆفیزم بگەڕێتەوە، كە پەیڕەوكەرانی زیاتر حەز بە شوێنی ئارام و بێدەنگ دەكەن، بۆ ئەوەی لە جیهان و دەروونی خۆیان وردبنەوە. شاعیر بۆ دیدەنی یار حەسرەت دەكێشێت و گومانێكی بۆ دروست بووە، كە ناتوانێت بە یەكجاری بە دیدەنی یار ئاشنا بێت. ئەم پەرۆشییە ئازاری دەدات، بۆیە هانا بۆ كەرەستەكانی سروشت دەبات و لە ڕێگەیەوە هەوڵدەدات جیهانبینی ناخی خۆی بخاتە ڕوو كە بە بێ یار ڕۆژی وەك شەوی تاڵ و تاریك وایە. سروشت سەرچاوەیەكی بنچینەییە بۆ هەموو ناوەڕۆكە دڵدارییەكانی صافی، شاعیر هەمیشە هەوڵیداوە بیانخاتە چوارچێوەی شیعرەكانییەوە لە بەرئەوەی هەندێجار شاعیر هەموو سروشت لە خزمەت خستنەڕووی خەم و ئازار بەرامبەر بە نەبوونی یار بەكاردەهێنێت. یان دەڵێت:

**شەوی هیجران لە بەختیی دڵ درێژە**

**كە ڕۆژی تالعیشی تارە بێ تۆ** (هیرانی،2004: 192)

یان دەڵێت:

**شەوی فیرقەت گەلێ طولانیە خۆ ناخەوم ئەمما**

**كە، چبكەم بەختی بەد هەڵناستێ دائیم هەر لە خەو ماوە** (هیرانی،2004: 231)

یان دەڵێت:

**لە جیلوەی نفی و اثباتی تۆ وەك (صافی) بە ڕۆژ و شەو**

**دەمێ بێ هۆش و سەرمەستم دەمێ بێدار و هۆشیارم** (هیرانی،2004: 170)

لەم كۆپلەیەدا دەردەكەوێت، كە شاعیر بە شێوەیەكی كارامە هەڵسوكەوتی لەگەڵ كەرەستەكانی سروشتدا كردووە، جیهانبینی خۆی بە شێوەیەكی ناسك و جوان پیشانداوە، لەگەڵ شەودا دەستەملان دەبێ، ڕاز و سكاڵای ڕۆژان و خەم و دەردی خۆی دەردەبڕێت. ئەوەی پێویستە لێرەدا هەڵوەستەی لە سەر بكرێت ئەوەیە، كە شیعرەكانی صافی ئاماژە بە هەڵوێستێكی شڵەژاو و هەست و سۆزێكی پەرێشاو و هیوا و ئومێدێكی ناكام دەكات، فرمێسكی خەم و مەینەتیان لێدەتكێ. بەشی زۆری شیعرەكانی هەناسەیەكی ڕەشبینی پێوە دیارە، بە هۆی ئەم كەرەستانەی سروشت (شەو، ڕۆژ) وەسفی دووری یار و سروشتی تێكەڵ بە یەكتری كردووە. ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی كە دەیچێژێت و ئەو كاتانەی لە دووری یار بەسەری دەبات، لە ڕادەی خۆشەویستییەكەی كەم ناكاتەوە، بە پێچەوانەوە ئاهوناڵەی بۆ ئەوەیە كە لێی دوورە، بۆیە دەكرێت سروشتی دڵداری لە شیعرەكانی صافی دا لە چوارچێوەی دڵداری سۆفیزم دەربكەوێت، وەك لەوەی دڵداری زەمینی بێت.

هەروەك دەڵێت:

**ڕۆژ بە یادی ڕووی هەتا هێوارە هەر هاوارم**

**شەو بە فیكری زوڵفی تا سبحەینێ سوبحەت لەو دەكەم** (هیرانی،2004: 175)

یان دەڵێت:

**ڕۆژ لە فیكری عاریضی خۆراكی من خوێنی دڵە**

**شەو بە یادی زولفەكانی نوستنم بیدارییە** (هیرانی،2004: 229)

شین و ڕۆڕۆ و شیوەنی شاعیر تەنیا لە چوارچێوەی شەودا نامێنێتەوە، بەڵكو درێژە دەكێشێت و لە ڕۆژیشدا ئەمە دەبێتە پیشەی شاعیر. واتە شاعیر كاتێك بێ هیوا دەبێت و ناتوانێت بگات بە ئاواتەكانی هانا بۆ ڕۆژ دەبات، كە پاڵپشت و ڕووناكی ڕێگای ئامانجەكانی بێت لە جیهانی خەم و دووری یارەكەی دەربیهێنێ، بەڵام ڕۆژیش وەك شەو لای شاعیر لە تاو دووری یارەكەی تاڵ و ناخۆشە، بەهەمان شێوە بە ئازارە. چۆن شاعیر لە شەودا بێدارە و خەوی لێناكەوێت لە خەمی یار، ئەوا ڕۆژیش وەك شەو بە یادی یارەكەی وەك شەو تاریكە، چونكە هەتاوی یارەكەی هەڵنەهاتووە بۆ ئەوەی ڕۆژی شاعیر ڕووناك بكاتەوە. بۆیە شاعیر وەك كەسێكی بێ ئاگا و بێ هۆش دوور لە دنیای دەوروبەری، تەنیا لە نێو فیكر و هۆشیدا قووڵ بووەتەوە و ئاگای لە دەوروبەری نییە چی دەگوزەرێ، ئەمەش توانیویەتی لایەنی دەروونی لە ڕێگەی شەو و ڕۆژەوە بەرجەستە بكات كە حاڵەتی شاعیر چۆنە و چی بەسەرهاتووە لە تاو دووری یار، یان دەڵێت:

**شەوی هیجران خەیاڵی یار دەكا اصلا خەوی نایێ**

**بە یادی ڕۆژی وەصلی حەز لە بێداری نەكا چی بكا** (هیرانی،2004: 148)

لێره‌دا بابه‌تی سروشت له‌ خزمه‌ت دڵداری شاعیردا زیاتر ڕوون ده‌بێته‌وه‌، كه‌ چۆن هه‌ست و ده‌روونی شاعیر له‌ گه‌ڵ سروشت تێكه‌ڵكراوه‌، كه‌ ئه‌م وشانه‌ی سروشت لێره‌دا مه‌به‌ست خودی واتای فه‌رهه‌نگی نییه‌، یاخود مه‌به‌ست له‌ وه‌سف و پیاهه‌ڵدانی جوانی سروشت نییه‌، به‌ڵكو یاری به‌ هه‌ندێك كه‌ره‌سته‌ی سروشت چواندووه‌. شاعیر له‌گه‌ڵ ته‌نیاییه‌ك قسه‌ ده‌كات ئه‌و ته‌نیاییه‌ كپی و بێده‌نگ نییه‌، به‌ڵكو ته‌نیایێكه‌ ئاژاوه‌ و ته‌نگوچه‌ڵه‌مه‌ی دڵداری دروستی كردووه‌، ژیانی له‌ شاعیر تاڵ كردووه‌. به‌ شێوه‌یه‌ك ڕۆژ و شه‌و لای ئه‌و وه‌ك یه‌ك بێت پڕ بێت له‌ ناخۆشی و خه‌م و ئازار. دیاره‌ ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ شاعیر بۆی ده‌ناڵێت بوونێكی ڕاسته‌قینه‌ی هه‌بێت یان نه‌بێت و هه‌ر شتێكی تر بێت گرنگ نییه‌، گرنگ ئه‌وه‌یه‌ ده‌ورێكی باڵای هه‌بووه‌ بۆ دروستكردنی مانا و وێنه‌ی هونه‌ری له‌ لای شاعیر.

### 2.1.2. زه‌وی و ئاسمان

یه‌كێكی تر له‌و كه‌ره‌ستانه‌ی سروشت، كه‌ له‌ شیعری صافیدا به‌رچاو ده‌كه‌وێت بریتین له‌ زه‌وی و ئاسمان، ئاسمان هێمای پاكی و پیرۆزبوونه‌، زه‌ویش هێمای ژیان و به‌رده‌وامی بوون ده‌گه‌ینێت. (فه‌داكار،2023: 95) هه‌روه‌ك صافی ده‌ڵێت:

**دڵم عه‌یبی نییه‌ گه‌ر ڕووی زه‌وی ته‌ڕ كا به‌ خوێنی ئه‌شك**

**به‌ ئاهی دوودناكیش ئاسمان تاری نه‌كا چی بكا؟** (هیرانی،2004: 148)

یان ده‌ڵێت:

**ئه‌شكی چاوم ئه‌رزی داگرت دوودی ئاهم ئاسمان**

**بۆیه‌ وا ڕه‌ش داگه‌را له‌و ئاهی ئاته‌شباره‌كه‌م** (هیرانی،2004: 178)

شاعیر له‌ درێژه‌دان به‌ ئه‌زموونی شیعری له‌ چه‌ند دێره‌ شیعرێكی تریشدا ئه‌شك و ناڵه‌ی خۆی به‌رجه‌سته‌ ده‌كات و ده‌یخاته‌ ڕوو. هه‌روه‌ك له‌م چه‌ند دێڕه‌ شیعره‌ی سه‌ره‌وه‌دا دیاره‌ كه‌ ناڵه‌ و ئازاری شاعیر ته‌نیا له‌ زه‌وی نییه‌، به‌ڵكو هێنده‌ زۆره‌ به‌ره‌و ئاسمان به‌رزبووه‌ته‌وه‌. له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا ڕازییه‌ به‌م حاڵه‌ی خۆی. دیاره‌ ئاسمان وه‌ك ڕه‌گه‌زێكی دیار و زه‌ق و به‌رچاو و سه‌ره‌كی سروشتی بێگیان، هه‌ر له‌ كۆنه‌وه‌ بۆته‌ جێگای سه‌رنج و تێرامانی خه‌ڵك، به‌ تایبه‌تی كه‌سانی هه‌ستیاری وه‌ك شاعیر و نووسه‌ران. ئه‌م كاریگه‌رییه‌ش دوور نه‌بووه‌ له‌ صافی. لێره‌دا شاعیر به‌ به‌كارهێنانی وشه‌كانی سروشت وه‌ك (ئه‌رز، ئاسمان، زه‌وی) ده‌یه‌وێت ناڵه‌ و ئازاره‌كانی خۆی وێنا بكات و كه‌ به‌شی گه‌وره‌ی ژیانی بریتییه‌ له‌ گریان و شین و ڕۆڕۆ. شاعیر به‌ ئیستاتیكایه‌كی به‌رز هه‌وڵده‌دات وێنه‌كان بنه‌خشێنێت، كه‌ چۆن ده‌یه‌وێت به‌ فرمێسكی چاوی تۆوی شادی، واته‌ بناغه‌ی خۆشی و ئاسووده‌یی بچێنێت، به‌ڵام به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ گریان و ناڵه‌ی ئه‌و، جگه‌ له‌ زیادكردنی خه‌م و خه‌فه‌ته‌كانی، هیچی تر لێ به‌رهه‌م نایه‌ت. هه‌روه‌ها له‌ چه‌ند دێڕه‌ شیعرێكی تردا ده‌ڵێت:

**ئاسمان حه‌سره‌ت له‌ بۆ ئه‌رزی ده‌كێشێ دائما**

**چونكی بورجی ڕۆژ و مه‌هی چاكی گریانی تووه‌** (هیرانی،2004: 233)

لێره‌دا شاعیر له‌ ڕێگه‌ی خستنه‌ڕووی وێنه‌یه‌كی خواستن و له‌ ڕێگه‌ی به‌كه‌سكردنی كه‌ره‌سته‌یه‌كی سروشت كه‌ ئاسمانه‌ و سیفه‌تی مرۆڤی پێبه‌خشیووه‌ وێنه‌یه‌كی شیعری جوانی پێشكه‌شكردووه‌، چونكه‌ حه‌سره‌ت تایبه‌ته‌ به‌ مرۆڤ به‌ڵام لێره‌دا دراوه‌ته‌ پاڵ ئاسمان، ئاسمان حه‌سره‌ت بۆ زه‌وی ده‌كێشێ، چونكه‌ به‌ ڕۆژ و شه‌و هه‌میشه‌ گریان و ناڵه‌ی شاعیر هێنده‌ سه‌خت و به‌رزه‌ گشت سروشت به‌ زه‌وی و ئاسمان گوێێ له‌ ناڵه‌ و ئازاری شاعیره‌، ته‌نیا یاره‌كه‌ی نه‌بێت.

### 3.1.2. به‌هار

به‌هار وه‌رزێكه‌ كه‌ ((سروشت بۆ ڕازاندنه‌وه‌ی خۆی تێكهه‌ڵكێشی كردووه‌ به‌ وه‌رزه‌كانی تر هاوتای خشڵی ڕازاوه‌، كه‌ به‌ یاقوتی گرانبه‌ها ئه‌ڕازێنرێته‌وه‌))(سالح، :56). بۆیه‌ هه‌ر شاعیرێك به‌ شێوازێك وه‌سفی به‌هار ده‌كات. صافیش به‌ هه‌مان شێوه‌ وشه‌ی به‌هاری بۆ مه‌به‌ستی تایبه‌تی خۆی به‌كارهێناوه‌، هه‌روه‌ك ده‌ڵێت:

**وا به‌هار هات صوفی اصلا سا جلی ناوی كه‌چی**

**بۆ ریا به‌رماره‌كه‌ی دائم بۆ شان و دۆشی یه‌** (هیرانی،2004: 229)

له‌ دێڕه‌ شیعرێكی تریشدا به‌ وێنه‌یه‌كی جیاوازتر باس له‌ بابه‌تێك ده‌كات. ئه‌ویش وێناكردنی هه‌ندێك له‌ كه‌سایه‌تی ئاینی وه‌ك سۆفی یه‌ كه‌ پێگه‌ و بیروباوه‌ڕی ئاینی ئیسلام له‌ پێناو به‌رژه‌وه‌ندی خۆی به‌كارده‌هێنێت. هه‌ر بۆیه‌ شاعیر كاتێك وه‌سفی به‌هار ده‌كات كه‌ پێویست ناكات خه‌ڵك جلوبه‌رگ زۆر بپۆشێت، به‌ڵام سۆفی بۆ خۆ ده‌رخستن و به‌رژه‌وه‌ندی خۆی هه‌میشه‌ به‌رماڵ، یاخود

دوگوردی نوێژ بەسەرشانیەوەتی بۆ ئەوەی ئەوە بخاتە ڕوو، كە كەسێكی چەند بە دین و خواپەرستە، ئەگەرچی لە ڕاستیدا زۆربەیان وا نین. لێرەدا شاعیر وەك ڕەخنەگرێك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی كردووە بە بابەتی شیعر، لە ڕێگەی بەكارهێنانی سروشت تیشكی خستۆتە سەر هەستیارترین بابەتی ناو كۆمەڵگای كوردی.

یان دەڵێت:

**سیوەیل دای لە كۆڵمەی لەگەڵ لێو و زاری**

**بە سوور و سپی غونچەیی نەو بەهاری**

**لەو عوزاری گوڵ دەباری**

**چەند شیرینە لێوو زاری** (هیرانی،2004: 210)

شاعیر لەم شیعرەدا بەرامبەر بە دیمەنێك لە دیمەنە بەهارییەكانی سروشت كوردستان وەستاوە و شاخ خۆی ڕازاندۆتەوە پەڕەی گوڵ جوانی و نازكی بە سروشتی كوردستان بەخشیووە. واتە لەم دێڕە شیعرەدا پێچەوانەی نموونەكانی پێشووتر وەك كەسێكی سروشتخواز و كەسێكی ئاسایی، بێ ئەوەی خەم و ئازاری هەبێت لە ژیاندا ورد دەبێتەوە و چێژ لە سروشتی جوانی كوردستان وەردەگرێت، بە كامیرای چاوی وێنە دەگرێت، تێیدا وەسفی سروشتی كوردستان لە وەرزی بەهاردا دەكات. دیارە بە شێوەیەكی گشتی كوردستان هەر چوار وەرزی بە جوان و ڕوونی دیار دەكەوێت، هۆكاری ئەمەش بە هۆی پێگە و شوێنی جوگرافی كە كەوتووەتە سەر هێڵەكانی بازنەی پانی (33-37) پلە. لە نێو هەر چوار وەرزی ساڵدا. وەرزی بەهار وەك بووكی وەرزەكان جوانی و گەشاوەیی خۆی هەیە. لەم وەرزەدا دەشت و دەر سەوز و ڕەنگاوڕەنگ دەچێتەوە بەهۆی گەشانەوەی ڕووەك و گوڵی هەمەجۆر، ئەمەش وایكردووە ببێتە جێگای تێڕامان و وردبوونەوەی شاعیر، بە تایبەتی وەسفی وەرزی بەهار و دەنگ و سەدای باڵندە جۆراوجۆرەكان و گوڵە ڕەنگاوڕەنگەكان دەكات بە تابلۆیەك لە وێنەی شیعری.

### 4.1.2. با

ڕەشەبا یاخود با، هێمایە بۆ تێكدان و تێكچوونی دیاردەیەك، یاخود شتێك، لای شاعیر با بووەتە هۆی تێكچوونی خۆشەویستی هەروەك شاعیر دەڵێت:

**ئەی بای سەبا هەستە لە حاڵم بەوە هۆشیار**

**شرحی دڵی ماتەم زەردەكەی من بەرە بۆ یار** (هیرانی،2004: 99)

ئاهـ و ناڵەی شاعیر گەیشتۆتە ئاستێك كە هانا بۆ بای سەبا بات بۆ ئەوەی حاڵ و گوزەرانی بۆ یارەكەی بگوازێتەوە، كە چۆن لە دووری یار بێكەس و غەمبار و بێهۆش ماوەتەوە. شاعیر كە باس لە حاڵی دڵی دەكات، ڕەنگی زەرد وەك وەسفێك دەخاتە پاڵی. كە زەرد لە ڕووی واتای كۆمەڵایەتییەوە بۆ نەخۆش و خەم و خەفەت بەكاردەهێنرێت. بۆیە لێرەدا بۆ ئاماژەپێدان بە حاڵەتی هەست و سۆز و دڵی كە نەخۆش و بێ چارە ماوەتەوە، دەیەوێت یارەكەی لەمە ئاگادار بێت. بۆ ئەوەی بەزەیی بە دڵە بێچارەكەی شاعیر بێتەوە و بێتە لای و ئاسوودەی بكات.

### 5.1.2. بەرد

یەكێكی تر لەو كەرەستانەی سروشت كە لە شیعری صافی بەرچاو دەكەوێت ئەویش بریتییە لە بەرد. لە ڕووی واتای فەرهەنگییەوە بەرد پێكهاتەیەكی ڕەقی سروشتە. صافی لە دێڕە شیعرێكدا ئەم وشەیەی بەكارهێناوە وەك ئاماژەیەك بۆ دڵرەقی و بێ هەستی یار. واتە لێرەدا وێنای لێكچواندن لە نێوان دڵی یار و كەرەستەیەكی سروشت دروست كردووە بۆ بەرجەستەكردنی هەستی یار بەرامبەر بە شاعیر، بۆیە بێ هیوایی شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا بەدیدەكرێت، كە بێ ئومێد بووە هەوڵدان بۆ بیماركردنی دەردەكەی، هەروەك دەڵێت:

**دەردی من بە چاوی بیمارت ئەگەر دەرمانكەی**

**چۆن بە ئومێدی شیفابم لەو دڵەی وەك بەرد** (هیرانی،2004: 220)

### 6.1.2. دەشت و بیابان

صافی لە دێڕە شیعرێكی تردا هەردوو وشەی دەشت و بیابانی وەك دوو شوێنی سروشت بەكارهێناوە، هۆكاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە حاڵی خۆی لە بێ یار وێنا بكات، چونكە دەشت و بیابان دوو شوێنن كە چۆڵن خەڵكی تێدانییە، بەڵام شاعیر لە بێچارەیی و بێ ئاگایی هەمیشە لە گەڕانە، بەو هیوایەی یارەكەی بدۆزێتەوە، هەروەك دەڵێت:

**سەرگەشت وەكو وەحشی لە كێوانە دڵی من**

**دائم لە دەر و دەشت و بیابانە دڵی من** (موکریانی، 1973 :36)

شاعیر لێرەدا وێنای حاڵی خۆی دەکات لە ڕێی وێنەیەکی لێکچواندن، ئەویش وێناکردنی دڵی خۆیەتی، کە چۆن شێواوە و بێ سەر و شوێنە وەك کەسێك حاڵی زۆر خراپ بێت بگات بە ئاستی شێت بوون، بێ ماڵ و حاڵ بە دەشت و دەر کەتووە، شاعیر بە جۆرێك دەچێتە ناو تاقیکردنەوەیەکەوە تێیدا نقوم دەبێت، کە هیچ سنوورێك لە نێوان ئەو سروشت نامێنێت. هەڵسوکەوتێکی سۆفییانە لەگەڵ سروشتدا دەکات. دیارە وەسیلەی مرۆڤی سۆفی بۆ گەیشتن بە حەقیقەت تێڕامان و لێوردبوونەوەیە لەو شتانەی لە بەردەستیدایە.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە شاعیر لە سروشتی بێگیان لە پاڵ ئەم هەموو کەرەستە سروشتییانە چەند کەرەستەیەکی هەڵبژاردووە، کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت. لە نێو ئەم جۆرەشدا زیاتر وشەکانی شەو و ڕۆژی زیاتر بەکارهێناوە وەك جۆرەکانی تری سروشتی بێگیان. هەروەك لەم هاوکێشەی سەرەوە بە ڕوونی دیارە. زیاتر وشەکانی ڕۆژ و شەو بەرچاو دەکەوێت، لە دوای ئەمە ئاسمان و زەوی. واتە بە شێوەیەکی گشتی ئەو وشانەی کە بە کاریهێناوە بۆ دەربڕینی حاڵەتی دەروونی و هەست و سۆزی خۆی لە خزمەت خستنەڕووی بابەتەکەی خستوویەتییە ڕوو. هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە بە ڕوونی دیارە:

| سروشتی بێگیان | دووبارەبوونەوە |
|---|---|
| شەو | 12 |
| ڕۆژ | 9 |
| زەوی | 3 |
| ئاسمان | 3 |
| بەهار | 2 |
| دەشت | 1 |
| بیابان | 1 |
| با | 1 |
| بەرد | 1 |

### 2.2. گیاندار

مەبەست لە گیاندار یان گیانلەبەر گشت ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەرەکانی ناو سروشت دەگرێتەوە. شاعیر لێرەدا سوودی لەم جۆرەی سروشت وەرگرتووە، لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە، هەروەکو لەم ڕیزبەندییەی خوارەوەدا ڕوونی دەکەینەوە.

### 1.2.2.باز

یەکێکی تر لەو باڵندانەی سروشت کە بە شێوەیەکی زۆر لە شیعری شاعیران بەرچاو دەکەوێت، ئەویش بازە. کە هەر شاعیرە و بۆ مەبەستێکی جیاواز بەکاریهێناوە. صافی شاعیر لە چەند دێرێکی شیعریدا ئاماژە بەوە دەکات کە یارەکەی لێی دوورە، لەبەرئەوە نییە کە دڵڕەق و بێوەفایە، بەڵکو یارەکەی سیفەتی بازی هەیە، کە چۆن باز بەهێز و ئازایە و دەزانێت چۆن نێچیری خۆی ملکەچی خۆی بکات، بێ ئەوەی هیچ گیانلەبەرێك بتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە، یارەکەشی لەم سیفەتەدا لەگەڵ بازدا هاوبەش کردووە، هەروەك دەڵێت:

**دیده‌ بازه‌ چه‌ند به‌نازه‌**

**بمكوژه‌ گه‌ردنت ئازا**

**...**

**یاران كوژاوی نازم صه‌برم له‌ دڵ نه‌ماوه‌**

**عاشق به‌ چاوی بازم كه‌ی رووم ده‌كا به‌ لاوه‌** (هیرانی،2004: 211)

یان ده‌ڵێت:

**ده‌مێ بێره‌ لامان بنۆره‌ غولامان**

**به‌ چاوی باز به‌ غه‌مزه‌ و نار عه‌زیزم** (هیرانی،2004: 185)

له‌م چه‌ند دێڕه‌ شیعره‌دا هه‌روه‌ك دیاره‌ شاعیر پێگه‌ و به‌هایه‌كی به‌رزی داوه‌ته‌ یار. ئه‌مه‌ش له‌ جیهانبینی سۆفیزمدا ئه‌م جۆره‌ تێڕوانینه‌ به‌رچاو ده‌كه‌وێت، كه‌ شاعیر كه‌سی به‌رامبه‌ر به‌ به‌هێزتر و كاریگه‌رتر ده‌بینێت وه‌ك له‌ خۆی.

یان ده‌ڵێت:

**وورده‌ خاڵی ئێسته‌كه‌ش نازێ له‌ سه‌ر په‌روین ده‌كا**

**چاوی بازی دائما بازی به‌ ئاهووی چین ده‌كا** (هیرانی،2004: 143)

شاعیر لێره‌دا وشه‌ی (په‌روین) به‌كارده‌هێنێت، كه‌ به‌ واتای ((كۆمه‌ڵه‌ ئه‌ستێره‌ی پێرۆه‌وه‌ هاتووه‌، كه‌ به‌ چه‌ند ئه‌ستێره‌یه‌كی بچووكی دره‌وشاوه‌ گوتراوه‌، كه‌ ژماره‌یان شه‌شه‌))(هه‌رشه‌میی،2022: 651)) وه‌ك كه‌ره‌سته‌یه‌كی سروشت و به‌راوردی ده‌كات له‌گه‌ڵ یاره‌كه‌ی. جوانی یار و ئه‌و ورده‌ خاڵانه‌ی كه‌ هه‌یه‌تی، لای شاعیر زۆر جوانتر و سه‌رنجڕاكێشترن له‌ چاو كۆمه‌ڵه‌ ئه‌ستێره‌ی پێرو. له‌ نیوه‌ دێڕی دووه‌میشدا چاوی یاره‌كه‌ی وه‌ك چاوی باز تیژ و جوانن، كه‌ له‌ جوانی ناگات به‌ ئاسكی چین. ئه‌م به‌راورده‌ی شاعیر كه‌ له‌ نێوان سروشت و یاره‌كه‌ی ده‌یكات به‌ها و پێگه‌ی یار له‌ لای شاعیر ده‌خاته‌ ڕوو. شاعیر ئه‌گه‌ر په‌یوه‌ستییه‌كی به‌هێزی به‌ یار نه‌بێت، ناتوانێت به‌م شێوه‌یه‌ وه‌سفی بكات. شاعیر په‌یوه‌ندییه‌كی پته‌و و به‌هێزی هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ یار. هۆگری به‌ یار وایكردووه‌ به‌راورد نه‌كرێت به‌ كه‌ره‌سته‌كانی سروشت و كامل بوونی یاره‌كه‌ی نیشان ده‌دات، یان ده‌ڵێت:

**طه‌یری دڵ له‌م ناوه‌ ده‌رناچێت و ئه‌و حه‌دی چی یه‌**

**چونكه‌ یارم بازێكه‌ نه‌خچیری سه‌د شاهین ده‌كا** (هیرانی،2004: 144)

شاعیر له‌ پێناو ئه‌و بیروباوه‌ڕه‌ی هه‌یه‌تی كه‌ره‌سته‌كانی سروشتی به‌كارهێناوه‌، ئه‌ویش جیهانبینی سۆفیزمه‌. هه‌روه‌ك له‌م دێڕه‌ شیعره‌ی سه‌ره‌وه‌دا دیاره‌، شاعیر جۆرێك له‌ بێده‌سه‌ڵاتی پێوه‌ دیاره‌، كاتێك دڵی خۆی به‌ باڵنده‌ ده‌چوێنێت و له‌ به‌رامبه‌ردا یاره‌كه‌ی به‌ باز. ئه‌مه‌ش واتای به‌هێزی یار ده‌گه‌یه‌نێت. شاعیر له‌ بێ ده‌سه‌ڵاتی هیچی پێناكرێت جگه‌ له‌ پشوودرێژی به‌رامبه‌ر به‌ یار.

### 2.2.2.بولبول

لێره‌دا شاعیر به‌ سوود وه‌رگرتن له‌ هونه‌ره‌كانی ڕه‌وانبێژی به‌ تایبه‌تی هونه‌ری لێكچواندن، هه‌وڵده‌دات وێنه‌یه‌كی شیعری به‌ ئیستاتیكایه‌كی هونه‌ری جوان بخاته‌ڕوو، ئه‌ویش بریتییه‌ له‌ هێنانی دڵی خۆی وه‌ك لێچوو و بولبول وه‌ك له‌وچوو، واته‌ دڵی خۆی به‌ باڵنده‌یه‌كی سروشت چواندووه‌، كه‌ بولبوله‌ به‌هۆی ئه‌وه‌ی بولبول ڕۆژانه‌ بێچاره‌ ده‌خوێنێت بێ ئه‌وه‌ی به‌رهه‌مێكی هه‌بێت، دڵی شاعیریش ڕۆژ و شه‌و ده‌ناڵێنێ بێ ئه‌وه‌ی ئه‌نجامێكی هه‌بێت، یاخود كۆتاییه‌ك هه‌بێت بۆ ئه‌م ناڵه‌ و شین و ڕۆڕۆییه‌ی ده‌یكات. واته‌ بولبولیش وه‌ك شاعیر بێچاره‌ ماوه‌ته‌وه‌ و وه‌ك یه‌ك شین ده‌كه‌ن و ده‌لاوێننه‌وه‌، چونكه‌ هه‌ردووكیان كه‌سی خۆشه‌ویست و ئازیزیان لێ دووره‌، هه‌روه‌ك ده‌ڵێت:

**صافی ئه‌مه‌ شینی تووه‌ بۆ خونچه‌ی لێوی**

**یا چه‌هچه‌هه‌ی بولبوله‌ یا زاری هوزاره‌** (هیرانی،2004: 197)

دیاره‌ ئازار و مه‌ینه‌تییه‌كانی شاعیر، كه‌ ده‌یچێژێت وه‌ك هیچ كه‌سێكی ترنییه‌. ته‌نانه‌ت ئازار و خه‌م و ناڵه‌ی ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ ئازار و خوێندنی بولبول به‌راورد بكرێت، ئه‌وا ئاهـ و ناڵه‌ی من زیاتر و له‌ چاو بولبول، چونكه‌ ئاهـ و ناڵه‌ی من دیاره‌ كه‌ به‌ ئازاتره‌ و تا مردن درێژه‌ی ده‌كێشێت، به‌ڵام بولبول ئاهـ و ناڵه‌ی هێنده‌ درێژه‌ ناكێشێت و كۆتایی هه‌ر هه‌یه‌، به‌ڵام لای شاعیر كۆتایی دیار نییه‌،

دەكرێت تا لە ژیان بێت هەر بەم شێوەیە بێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو یارەی شاعیر بە دەستی دەناڵێنێت ئەوا مرۆڤ نییە، یاخود کەسێکی خەیاڵییە، وەك دەڵێت:

**گریە و زاریم لەگەڵ بولبول قیاس ناکرێ**

**چونکە تا مردن دەناڵم من بە ئێش و دەردەوە** (هیرانی،2004: 219)

یان دەڵێت:

**دڵی بولبول لە دەوری باخی گوڵ یاری نەکا چی بکا؟**

**لە تاوی غونچە هەردەم شیوەن و زاری نەکا چبکا** (هیرانی،2004: 99)

هەر نووسەر و شاعیرێك لە دایکبووی سەردەمێك و ژینگەیەکی جیاوازە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ بیر و مەبەستەکانی، شاعیر کوڕی ژینگە و سەردەمەکەی خۆیەتی. ((صافی پەروەردەی هیران ڕازاوە و پڕ نەشئەی سروشت بووە، دڵی شاعیریەتی بە جوانی بەهەشتە چوار وەرزەکانی ئەوێی هاتۆتە جۆش و خرۆشەوە ئەو بەهەشتانەشی کردوون بە سەرچاوەی لێهەڵێنجانی هەڵبەستە تەڕوو پاراوەکانی ... لە نێو شیعرەکانی جوانی هیران بەدیدەکرێت)).(هیرانی، 2004: 21) هەروەك دیارە شاعیر لەم چەند کۆپلە شیعرەدا وشەکانی سروشتی بەکارهێناوە، بەڵام لە لایەکەوە وەسفی جوانی سروشتی کوردستان، بە باغ و گوڵ و بولبول دەکات. لە لایەکی تریشەوە کەرەستەکانی سروشت لە خزمەت دەربڕینی ناخ و دەروونی خۆی بەکارهێناوە، شاعیر ڕازی بوونی خۆی لە ژیاندا دەخاتە ڕوو کە لەگەڵ ئەوەی ژیانی هەر خەم و خەفەتە، بەڵام ئەگەر ئەوە پیشەی نەبێت چی بکات لە ژیانیدا. دیارە ئەوەی شاعیر بە سەری دەبات جێگەی خۆیەتی، یاخود شایستەی ئەوەیە بۆ یارەکەی ئەمە بکات. ئەمەش پێگە و گرنگی و بەهای یار لە لای شاعیر بەدیار دەکەوێت.

### 3.2.2. مار

یەکێکی تر لەو گیانەوەرانەی سروشت کە لە شیعرەکانی صافی بەرچاو دەکەوێت، ئەویش گیانەوەری خشۆکی مارە. ئەم گیانەوەرە بە شێوەیەکی گشتی لە شیعری شاعیراندا بۆ مەبەست و واتایەکی خۆش بەکارنایەت، بەڵکو بۆ خستنەڕووی لایەنی خراپ بەکاردەهێنرێت. هەروەك صافی شاعیر لە چەند دێڕێکی تردا ئاماژە بەوە دەکات و جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە ئاهـ و ناڵە و شین و ڕۆڕۆی ئەو دەیکات لە دووری یارەکەی لەبەرئەوە نییە، کە یارەکەی بێ ڕوحم و بێ وەفا بێت، بەڵکو لەبەرئەوەی کە ئەو لە یارەکەی دوورە. دیارە لێرەدا چەند حاڵەتێك ڕوون دەبێتەوە کە دەکرێت یاری شاعیر لە ڕاستیدا کەسێکی ئاسایی نەبێت، یاخود بوونی نەبێت. بەڵکو دەکرێت ئەو یارەی کە ئەو باسی دەکات لە خەیاڵی شاعیردا بوونی هەبێت و دروستی کردبێت. بۆیە دووری لە یارەکەی بەوە وەسف دەکات کە وەك ژەهری مار تاڵ و بە ئازارە. گشت کاتەکانی بێ ئەو بەسەری دەبات ناخۆش و قورسە. دیارە شاعیر کەسێکی ئازا و بەهێزە، ئەگینا چۆن بەرگەی ئەم ئازارە سەختە دەگرێت، وەك دەڵێت:

**چونکە مووديّکە لە یاری باوەفا دوور کەوتووم**

**قوتی شیرینم درێغا وا لە ژەهری ماری یە** (هیرانی،2004: 227)

یان دەڵێت:

**لەو دوو لاوە لوول و خاوە**

**مارە دەوری گەنجی داوە** (هیرانی،2004: 209)

شاعیر لەم دێرە شیعرەی سەرەوەدا وشەی (مار)ی بە پێچەوانەی واتای و بۆ خستنەڕووی جوانی پرچی یار بەکارهێناوە، کە پرچی یار وەك مار لوول و پێچ دەخواتەوە، بەمەش جوانییەکی سەرنجڕاکێشی بەخشیووە.

### 4.2.2. کەو

یەکێك لە کەرەستە سروشتییەکانی تری کوردستان، کە سەرنج و تێڕوانینی شاعیری بۆ خۆی ڕاکێشاوە، بریتییە لە باڵندەی کەو. هەروەك لە دیوانەکەیدا ئاماژەوە بەوە دەکرێت، کە صافی (( زۆر حەزی لە ڕاوەکەو بووە، بەڵام بە زۆری لایەنی گەشت و گەڕان بۆ دیمەنە جوانەکانی باوەشی شاخ و چڕی دەوەن و دەنگی کەو، مەستی ئەو تابلۆ بەهارییەی شوێنە دڵگیرەکانی خۆشناوەتی دەیخستە حاڵەتێکی تایبەت و گریانێکی بێ تەکەللوف ... هەروەها صافی حەزی زیاتر لە کەوی سپی بووە دەردی عیشق و سۆزی

تایبەتی سۆفیانەی خۆی ڕاوی كەوی پێكردووە، لە كاتی دڵەفركێی ئەو عیشقە پڕ لە جۆشە و ئەو هەستە تایبەتیەدا، وا دیارە هەموو جێگایەكی بە چۆڵ زانیوە تەنها ئەو جێگایە نەبێ كە خەیاڵی لەوێدا سەیری سروشتی بەهادار بكا و بیر لە عالەمی خۆی بكاتەوە چی تر نا)). (هیرانی،2004: 33-35) هەروەكو دەڵێت:

**بۆ شكاری مورغی وەحشی نەك هەڵۆ وەشاهینم**

**عەشقی چاوی بازی خۆمە بۆیە ڕاوی كەو دەكەم** (هیرانی،2004: 34)

بەم شێوەیە دەردەكەوێت شاعیر لە جۆری سروشتی گیاندار لە ڕووی ژمارەی دووبارە بوونەوەی وشەكان، ناوی (باز)ی زیاتر دووبارە كردۆتەوە لە چاو (بولبول، مار، كەو)، هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕێژەی دووبارەبوونەوەی وشەكان خراوەتە ڕوو:

| سروشتی گیاندار | دووبارەبوونەوە |
|---|---|
| باز | 5 |
| بولبول | 3 |
| مار | 2 |
| كەو | 1 |

### 3.2.ڕووەك

سروشت تەنیا لە گیانلەبەر و بێگیان پێكنەهاتووە، بەڵكو بەشێكی زۆری سروشت لە ڕووەك و گژوگیا و سەوزایی پێكهاتووە، بۆیە ئەم بەشەی سروشتیش چاوی شاعیری لێ دوورنەكەوتۆتەوە. بەڵكو سەرچاوەیەكی بە پێزی بەهرەی شاعیرانە بە تایبەت صافی هیرانی، بە حوكمی پێگە و ژینگەی دەوروبەری كە كەوتووەتە ناو چیا و دۆڵ و دار و باخ ... تاد، بۆیە لە شیعرەكانیدا ڕەنگیداوەتەوە، شاعیر بە سوود وەرگرتن لە گوڵ و باخ و میوەكان، هەوڵدەدات چەند وێنەیەكی لێكچواندن لە نێوان سروشت و یارەكەی پێشان بدات، كە جوانی و شۆخ و شەنگی و ڕوح سووكی یارەكەی بە گوڵ و باغی سروشت چواندووە، هەروەك دەڵێت:

**مەهرویێ موشكین مویێ چاو ئاهویێ سەحرای ختەن**

**سوورگوڵە، موو سونبولە، ماهی پەری ڕووخسارەكەم**

**جانی جانان، شاهی خوویان ڕەهزەنی پیر و جەوان**

**گوڵ ڕووە، شیرین خووە، شۆخی شەكەر گوفتارەكەم**

(هیرانی،2004: 177)

یان دەڵێت:

**بڵێنە شۆخەكەم بێ ڕەحمی تا چەند؟ بێ وەفا تاكەی**

**بە ساتی خونچە دڵتەنگ بم وەكو و گوڵ جامی بدرێنم**

(هیرانی،2004: 180)

دیارە خونچە تایبەتە بە گوڵ، بەڵام لێرەدا شاعیر خواستوویەتی بۆ یارەكەی و لە جیاتی ناوی یار بە خونچە ئاماژەی پێكردووە. خەم و خەفەت و شیوەنی شاعیر تەنیا بۆ یارەكەیەتی، ئەو وشانەی كە پەیوەندی بە ڕووەك و گوڵ و باخەوە هەیە كەمتر لە چاو كەرەستە و پێكهاتەكانی تری سروشت بەرچاو دەكەوێت، بەكارهێنانی ئەم وشانەی وەك واتای فەرهەنگی خۆی بۆ وەسفكردنی جوانی یارەكەی خستۆتە ڕوو. هونەری ئەڤین و خۆشەویستی و دڵداری لە شیعری صافیدا لەگەڵ شیعری وەسف و بە تایبەت وەسفی سروشت تێكەڵكراوە. شاعیر لە شیعری سروشت و بەكارهێنانی كەرەستە سروشتییەكان بە شوێن وەسف و پیاهەڵدانی نەبەستۆتەوە، بەڵكو هەوڵیداوە لە خزمەت پەیام و جیهانبینینەكەی دابنێت و جوانی و ڕەوشت بەرزی و پێگە و بەهای یارەكەی پێ بخاتەڕوو، لە هەمانكاتدا ئاهـ و ناڵە و ناخۆشییەكانی دەربڕێت.

لە كۆتاییدا دەتوانین بڵێین مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونیەوە لە داوێنی سروشتدا دەستی بە ژیان كردووە و هەتا ئێستا لێی دانەبڕاوە. شاعیران سروشتیان وەك پەیام و قسە و خەیاڵ و سۆز و ئازار باس كردووە. وەكو دەرمان و ڕێگە چارەیەك، یان وەك كەرەستەیەك بۆ دەربڕینی گرفتەكان بەكاریانهێناوە. كەڵك وەرگرتن لە سروشت و هاتنە ناو خەیاڵی شاعیر زۆر بەرچاو دەكەوێ.

ژیانێکی پێچراو بە سروشت هەبووە بە جۆرێك فكر و خەیاڵی داگیرکردووە. ئەگەر بە تایبەت بۆ خودی سروشت شیعریان نەگوتبێ، لانی کەم زۆربەی وشەکانی ناو ئەو شتانەی کە لە سروشتدا بەرچاو دەکەون، بوون بە کەرەستەی شیعرەکانیان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژیانەی کە شاعیر لە داوێنی سروشت و کەژ و کێو بردوویەتییە سەر.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بە چەند ئەنجامێك، لە خوارەوە دەیخەینە ڕوو:

1. صافی هیرانی لە کاریگەری سروشت بە دوور نەبووە، بەڵام ئەم کاریگەرییەی بە شێوەی سەربەخۆ و ڕووت بەکارنەهێناوە، بەڵكو زیاتر بەهای سروشت و جوانییەکانی سروشت دەبەستێتەوە بە ئاستی خۆشەویستی یار و جیهانبینی سۆفیزمەکەی و بەم پێوەرە مامەڵە لەگەڵ سروشتدا دەکات.

2. سروشت بە هەموو کەرەستەکانی وەك (گیاندار و بێ گیان و ڕووەك) لە نێو شیعرەکانی صافی هیرانی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانەوە جیاوازی هەیە، لەوانە سروشتی بێ گیان لە چاو دوو جۆرەکەی تر زیاتر بەکارهاتووە.

3. شاعیر لە نێو دەروونیدا هەست بە بۆشاییەکی گەورە دەکات، ئەم بۆشاییە بە دیدەنی یار پڕ دەبێتەوە، شاعیر لە ڕێگەی سروشتی بێگیانەوە هەوڵیداوە لایەنی دەروونی و ناخ و هەست و سۆزی خۆی تێکەڵ بکات و بیخاتە ڕوو. سروشت لە خزمەت خستنەڕووی خەم و ئازار بەرامبەر بە نەبوونی یار بەکاردەهێنێت.

4. ئەو وشانەی کە پەیوەندی بە ڕووەك و گوڵ و باخەوە هەیە، کەمتر لە چاو کەرەستە و پێکهاتەکانی تری سروشت بەرچاو دەکەوێت. شاعیر لە شیعری سروشت و بەکارهێنانی کەرەستە سروشتییەکان بە شوێن وەسف و پیاهەڵدانی نەبەستۆتەوە، بەڵكو هەوڵیداوە لە خزمەت پەیام و جیهانبینەکەی دابنێت و جوانی و ڕەوشت بەرزی و پێگە و بەهای یارەکەی پێ بخاتە ڕوو، لە هەمانکاتدا ئاهـ وناڵە و ناخۆشییەکانی دەرببڕێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی

#### کتێب


-بصیر، كامل حەسەن ، 1993، مێژووی ڕەخنەسازی، بەشی یەکەم، دار الحریة للطباعة، بغداد.

-پیربال، فەرهاد ،2006، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی2، چاپخانەی منارە، هەولێر.

-عەزیز، حوسێن محمد ،2007، یاقووت و زمروتی کوردی (سروشتی جوانی) بەرگی3، چاپخانەی سیما، کوردستان سلێمانی.

-مەحمود، فازیل مەجید، 2007، سروشت لە شیعری گۆراندا، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

-موکریانی، گیوی ،1973، دیوانی صافی، چاپی سێیەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

-میراودەلی، کەمال مەمەند، 1979، فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپخانەی زانکۆ، سلێمانی،1979.

-هەرشەمیی،شاسوار،2022، فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی کوردیی مێژووی پێکهاتنی وشە لە زمانی کوردییدا، بەرگی1،چاپی1،چاپخانەی تاران، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

-هیرانی، محمدی مەلا مصطفی،2004، دیوانی صافی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.


#### نامەی ئەکادیمی


-گەرمیانی، عادل مەجید محەمەد، 2000، وێنەی بابەتی لە هۆنراوەکانی گۆران و سەیابدا، دکتۆرا، کۆلێژی ئیبن ڕوشدی، زانکۆی بەغدا.

-محمود، مهدی احمد ،2022، ڕەخنەی ژینگەیی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، کۆلێژی پەروەردە قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین.


#### گۆڤار


-ساڵح، کوردستان ڕەزا، تێڕوانینی مەولەوی بۆ سروشت بە پێی وەرزەکانی ساڵ، گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە81.

-فەداکار، کەژاڵ،2023، ڕەنگدانەوەی سروشت و سروشتی ئینسانی لە شیعری ژیلا حسێنی دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە294/293.


#### سایتی ئەنتەرنێت


- جاف، سروود وەلی إسماعیل ، 2008، سروشت لە شیعری کوردیدا لە بەر ڕۆشنایی شیعرەکانی مەولەوی و پیرەمێرد و گۆراندا.
https://www.researchgate.net/publication/326332065

-میراودەلی، کەمال ، گۆڕان ڕۆمانسزمی سروشت و جوانی.
www.dengekan.com/2013/pdf

**بە زمانی عەرەبی**

**نامەی ئەکادیمی**

-سليمان، ولاء ،2021 ، أهمية الطبيعة في الشعر.

https://www.almrsal.com/post/1067112

-البوريني، عاتكة زياد، 2018, موضوع حول وصف الطبيعة.

https://mawdoo3.com

-أغقالي، رميسه و منصوري، هديل ،2020، الطبيعة في الشعر الأندلسي دراسة فنية (لأبن زيدون) نموذجا، ماجستر، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، جامعة العربي بن مهيدى- أم البواقى، كلية الأداب و اللغات، قسم اللغة و الأدب العربي.

**سایتی ئەنتەرنێت**

-الغنى، فرح عبد ، 2023، الفلسفة الطبيعية عند أفلاطون، الموضوع أكبر الموقع العربى بالعالم.

https://mawdoo3.com

## انعكاس الطبيعة في شعر الصافى الهيرانى

**شڤيدا باسم عبداللة**
قسم اللغة الكورديه،فاكلتى التربية ،جامعة كويه -كويه
،أربيل،أقليم كوردستان،العراق
Shaida.basim@koyauniversity.org

**ده ريا جمال حويز**
قسم اللغة الكورديه،فاكلتى التربية ،جامعة كويه -كويه
،أربيل،أقليم كوردستان،العراق
Darya.jamal@koyauniversity.org

**الملخص**

طوال تاريخ البشرية، حاول الإنسان دائما فهم أسرار الطبيعة. وقد انعكس هذا الانبهار بالطبيعة في جميع مجالات الحياة، وخاصة في الفن والأدب. وترتبط الطبيعة في الشعر بوصف ورسم مختلف جوانب الطبيعة والحياة ونقل المشاعر الإنسانية. وكما هو واضح فإن نظرة الشاعر للعالم تختلف عن شاعر آخر حسب البيئة وطبيعة البيئة المحيطة به وطريقة تفكيره. ولذلك فإن استخدام المواد الطبيعية والانعكاس في منتجاتها ليس بنفس الطريقة، ويختلف وصف الطبيعة باختلاف المشاعر والحب لتلك الطبيعة، ويقدم هذا البحث اعتمادا على منهج الوصف التحليلي. ومن خلال هذا الأسلوب حاولنا أن نعرض طريقة استخدام الصافي الهيراني للطبيعة، وكيف أنه لم يكن بعيدا عن تأثير الطبيعة كغيره من الشعراء، لكنه لم يستخدم هذا التأثير بشكل مستقل وعري، بل زاد من قيمة الطبيعة وجمالها. من المواد الطبيعية وهو مرتبط بحب الصديق والنظرة الصوفية. لقد عامل الطبيعة وفقًا لذلك. كما تظهر الطبيعة بكل موادها كالحيوانات والجماد والنباتات في أشعار الصافي الهيراني، لكنها تختلف من حيث الاستخدام.

**الكلمات المفتاحية** : (الشعر، الطبيعة الجامدة، الطبيعة الحيوانية، النباتات، الصافي الهيراني)

## Reflection of Nature in Safi Hirani's Poetry

**Shaida Basim Abdullah**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, University of Koya -Koya, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Shaida.basim@koyauniversity.org

**Darya Jamal Hawez**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, University of Koya -Koya
, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Darya.jamal@koyauniversity.org

**Abstract**

Throughout human history, man has always tried to understand the mysteries of nature. This fascination with nature has been reflected in all areas of life, especially in art and literature. In poetry, nature is related to describing and drawing various aspects of nature and life and conveying human feelings. As is obvious, the worldview of one poet differs from another poet according to the environment, nature of his surroundings and his way of thinking. Therefore, the use of natural materials and reflection in their products is not the same way. The description of nature varies according to the feelings and love for that nature. This research is presented based on the method of analytical description. Using this method, we have tried to present the way Safi Hirani uses nature, how he was not away from the influence of nature like other poets, but he did not use this influence independently and nakedly, but more the value of nature and the beauty of natural materials It is connected to the love of the friend and worldview Sufism. He treated nature accordingly. Nature is also seen in all its materials such as animals, inanimate objects and plants in Safi Hirani's poems, but they differ in terms of use.

**Keywords**: (Poetry, inanimate nature, animal nature, plants, Safi Hirani)